**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**وەزارەتی پلاندانان**

**بەرێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی ستراتیجی**

**بەرێوەبەرایەتی پلاندانانی ئابووری**

# پرۆسەی ریفۆرمی ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا

احمد عبدالرحمن خضر

2009

بابەتی ڕیفۆرم بە نیسبەت ئابووری کوردستان بۆتە بابەتی مەرگ و ژیان بۆ بونیادی ئابوری هەرێم و پرۆسە سیاسیەکەی.

بەپێی دوایین لێکۆڵینەوەکانی سەنتەری ستراتیجی کوردستان دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2030 دەبێتە زیاتر لە دە ملیۆن کەس، ئەمە لەکاتێکدا لەدوای ساڵی2003 زیاتر لە 32ملیار$ دۆلار بودجە لە بەغداوە بۆ کوردستان هاتوە بۆ چوار ملیۆن کەس کەچی زیاتر لە 25 گرفتی گەورەی هەیکەلی لە ئابوری کوردستاندا مەوجودن.

لێرەوە بابەتی ریفۆرمی ئابووری وەك دوبارەکردنەوەی جارێکیتری ئیدارەدانی دەرامەتە ئابوریەکان و ئەدای ئابووری نوێی حکومەت زەرورەتێکی ئەم قۆناغە ئابووریەیە، بەتایبەت بەهۆی ئەو دەریا لە دۆلارەی کە لە بودجەی بەغداوە بەر کوردستان کەوت جۆرێك لە پێشکەوتنی بێ پلانی ئابوری لە کوردستاندا دروستبوو کە دەتوانین بڵێین گۆرانێکی ئابووری بوو لە سێبەری فەوزادا. ئێستا پێویستە ئیدارەی پەرەپێدان بە رۆڵی مێژویی خۆی هەڵستێت، چونکە کوردستان لە بەردەم کرانەوەیەکی جیهانیدایەو تا دەگاتە ئەوەی روپێویە ئابوری و کۆمەلأیەتیەکان تەواو ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە کوردستان خاوەن ژینگەیەکی ئابوری و بازرگانی بەهێزە لەناوچەکەدا، وەئێستا بۆتە نیشتیمانێك بۆ وەبەرهێنانە گەورەکان بەتایبەت کە ئێستا سەدان لە کۆمپانیا گەورەکانی دنیا دیراسەی ئەوە دەکەن کەوەبەرهێنانی گەورە لە کوردستاندا ئەنجامبدەن.

باشترین زەمینەی قاعیدەیەکی پیشەسازی هەیە لە کوردستاندا بەلأم هەژارترین هەرێمی پیشەسازین لە رۆژهەلأتی ناوەراستدا.

ئەم هەرێمە خاوەنی 8 ملیۆن زەوی کشتوکاڵی و 47ملیار مەتر سێجا ئاوە بەلأم دەبێنین چۆن بازارەکانی ئەم هەرێمە جممەیان دێت لە بەرهەمی

کشتوکاڵی وڵاتانی دراوسێ و چۆن کەرتێکی کشتوکاڵی بێ توانامان هەیە لە کوردستاندا.
حکومەت نەیتوانیوە بە هەردوو ئەرکە سەرەکیەکەی هەڵستێت کە یەکێکیان جێبەجێکردنی سەروەری یاسایەو ئەویتریان پێشکەشکردنی خزمەتگوزایە جیاوازەکانە بە هاوڵاتیان لە کاتێکدا ئەم دووئەرکانە دوو فاکتەری باشی سەرکەوتنی هەر ریفۆرمێکی ئابورین لە کوردستاندا.
پرۆسەی ریفۆرم پرۆسەیەکی هێواشە لە دروستکردنی گۆرانی نەوعی بەسەر ئابوری هەر وڵاتێکدا، بەلاّم بۆ وڵاتی ئێمە ئەگەر ئیرادەیەکی سیاسی بەهێزی لە پشت بێت ئەوە دەتوانین قۆناغی گەورە ببڕین لە پرۆسەی پەرەپێدانی ئابوری لە کوردستاندا.

**ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆسەی ریفۆرمی ئابوری لە هەرێمی کوردستاندا.**

1- نەبونی سیستەمێکی ئابوری سیما روون لە هەرێمدا.
2- نەبونی دەزگایەکی کارگێری پێشکوتوو کەلەسەر هەرسێ بنەمای زانستی و نەرمێتی(المرونە) و نوێبونەوەدا دامەزرابێت.
3- لاوازی کەرتی تایبەت و مەیدانەکانی پێشبرکێ و نەبونی شەفافیەت.
4- جمودیەتی گەشەی سیاسی و نەبونی ریفۆرمی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا.
5- نەبونی بنەمایەکی بەرهەمهێنانی پێشکەوتوو.
6- کۆت وفشاری دەرەکی لە پێش هەموو شتێك پاشکۆیەتی تەکنەلۆجی و پەیوەندی بازرگانی بۆ دەرەوە.
7- تەحەددی توانای پێشبرکێی پێوەرە جیهانیەکانی بەرهەمهێنان.
8- نەبونی سەنتەر و دەزگاکانی باس و توێژینەوەی ئابوری و کارگێری.

9- کلاسیکی لە سیستەمی فێرکردن و گرفتی دەرهاویشتەکانی (مخرجات) و پەیوەستنەبونی پرۆسەی فێرکردن بە واقیعی ئابوری و بازاری کارەوە.

10- نەبونی دەزگایەکی پلاندانان و ئاماری کارا. لە گرفتە گەورەکانی هەرێمی کوردستان لە رابردوودا هەتا ئێستاش نەبونی سیستەمێکی زانیاری و ئامار بوە لەسەر کۆی ژیانی کۆمەڵگا..

12- نەبونی عەدالەتی کۆمەڵایەتی وزۆری بێکاری وگرفتی هەژاری لە هەرێمی کوردستاندا. ئامارەکانی وەزارەتی پلاندانانی عێراق لە سەر رێژەی هەژاری ئەوەیان ئاشکرا کرد کە رێژەی خێزانە داهات نزمەکان لە کوردستاندا زیاترە بەراورد بە شاری بەغدا، کە رێژەی لە 22.6٪ خێزاناکانی هەرێمی کوردستان داهاتی مانگانەیان لە 500,000 دینار کەمترە ئەم رێژەیە لە بەغدا لە 19.9٪.

13- زۆری خەرجیە جاریەکانی حکومەت و کەمی خەرجی وەبەرهێنەکی بەتایبەت تەکوینی سەرمایە.

14- لاوازی و پڕکەموکورتی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانی حکومەت.

15- نەبونی دەزگایەکی بانکی ومەصرەفی پێشکەوتوو. کە لە ئەدەبیاتی نوێی ئابوریدا کەرتی مەصرەفی دڵی چالاکیە ئابوریەکانە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا.

16- نەبونی سیاسەتەکانی ئابوری هەموەکی لە هەرێمی کوردستاندا.

17- گرفتی لاوازی کەرتەکانی پیشەسازی و گەشتوگوزارو کوشتوکاڵ وکانزاکان.

18- نەبونی روئیایەکی دیار وروون لەسەر زانست و تەکنەلۆجیا لە کوردستاندا، وەپەراوێزخستنی توێژینەوەی زانستی لە دروستکردنی سیاسەت و بریارەکانی حکومەت.

19- نەبونی راگەیاندنێکی ئابوری بەهێز تاکوو هەلەکانی وەبەرهێنان پێشکەشی جیهانی دەرەوە بکات، هەروەها کار لەسەر بەرزکردنەوەی رۆشنبیریی ئابوری خەڵك بکات لە کوردستاندا.

20- بونی گرفتە یاسایی و دەستوری وسیاسیەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا.

## راسپاردەکان بۆ چاکسازی ئابوری لە هەرێمی کوردستاندا.

1/ کارکردن لەسەر بەهێزکردنی کەرتی تایبەت، چونکە هەتا ئەم کەرتە بەهێز وکارا نەبێ و رۆڵی سەرکردایەتی کردنی ئابوری نەگرێتە ئەستۆ مومکین نیە هیچ پرۆسەیەکی گەشەپێدانی ئابوری وچاکسازی ئابوری سەرکەوتووبێت، ئەمەش لەرێگای دروستکردنی زەمینەکانی پێشبرکێ و هاندانی ماددی ومەعنەوی حکومەت بۆ خاوەن پرۆژەو خاوەنکارەکانی ناوخۆ بەبێ جیاوازی. وەهەروەها قەدەغەی قۆرخکاری بکرێت بۆ سەرجەم چالاکی وکەرتە ئابوریەکان و دروستکردنی بازاری پێشبرکێ کەملکەچی هیچ ئیحتیکارێك نەبێت وەلەیەك کاتدا مافی بەکاربەر و بەرهەمهێنەرەکان بکات و حکومەت ئیدارەی چاودێری و یاسایبازاڕ و کۆنترۆڵی جۆری بەرهەمەکان بگرێتە ئەستۆ.

2/ دانانی پلانێکی ستراتیجی بۆ دروستکردنی بنەمایەکی پیشەسازی وبەرهەمهێنانی بەهێز. تاکوو بتوانێت هەم پێداویستسیەکانی ناوخۆ پربکاتەوە وەهەم کەرتی هەناردە کارا بکرێت و سەرچاوەی نوێی داهات دروستبکرێت لو کوردستاندا . چونکە ئێستا ***باشترین تەوەرەێك بۆ رێکخستنی ژیان و بەرزکردنەوەی داهاتی تاك لە هەرێمی کوردستاندا لەسایەی ئەو ئاڵۆزیەی لە جیهانی نوێدا هەیە بریتیە لە تەوەری تەکنەلۆجیاو***

***پیشەسازی***. بۆیە تەوزیفکردنی تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو لە پرۆسەی بەرهەمهێناناو راکێشانی سەرمایەی راستەوخۆو ناراستەوخۆ بۆ کەرتەکانی بەرهەمهێنان باشترین سەرەتایە روەو دانانی پیشەسازی خۆماڵی لە کوردستاندا. لەبەرئەوە تاکە یەك رێگا لەبەردەمماندایە ئەویش باش مامەڵە کردنە لەگەڵ پیشەسازی و دروستکردنی کەرتێکی پیشەسازی بەهێزە لە کوردستاندا لە رێگای سیاسەتێکی پیشەسازی و کشتوکاڵی و بازرگانی وبانکی و پێشخستنی کەرتە ئابوریەکانی ترەوە چونکە ئەگەر پێشکەوتنی پیشەسازی پێشکەوتنی کەرتە ئابوریەکانی تریشی لەگەڵ نەبێت ئەوە جۆرێکە لە پێشکەوتنی سەرەتانی دروستدەبێت کە کەرتێك پێشکەوێت لە غیابی کەرتەکانی تردا. لەو سۆنگەوە یەکێك لە گرنگترین کارەکانی حکومەتی هەرێم دروستکردن وبەرەوپێشبردنی ژێرخانی ئابوری و پەیکەری دامەزراوەیی وکۆمەلایەتییە لەپێناو پەرەپێدانی بەرهەمهێنان و پیشەسازی نیشتیمانی لە هەرێمی کوردستاندا. تاوەکوو بتوانرێت تێکرای داهاتی تاکی کوردستانی و ئاستی خۆشگوزەرانی بەرزبکرێتەوە.

3/ گۆرینی بنەماکانی هاوردەکردن، بەومانایەی کە تەرکیز لەسەر شمەکی سەرمایەو شمەکی نیمچە دروستکراوبکرێت وهاوردەی شمەکی بەکاربەرەکی کەمبکرێتەوە.

4/ یاسایەکی تۆکمە بۆ پارێزگاری لە بەرهەمی ناوخۆ دەربچێت.

5/ کارکردن لەسەر بەهێزکردنی سیاسەتی کارپێدان(التوظیف) لەنێوان کەرتی تایبەت و حکومەتدا.

وەپێویستە بودجەیەکی تایبەت بە کارپێدان تەرخانبکرێت، بەلانی کەم کوردستان سالانە پێویستی بە دروستکردنی 50 هەزار هەلی کاری نویَ هەیە. ئەگەر بۆ دروستکردنی یەك هەلی کار 2000$ تەرخانبکرێت ئەوە سالانە

پێویستە 100 ملیۆن دۆلار بۆ دروستکردنی هەلی کار و بنەبرکردنی بێکاری تەرخانبکرێت.

6/ کار لەسەر بە دیموکراتیزەکردنی پرۆسەی سیاسی و ئابوری بکرێت ودەرگا لەبەردەم ئیمتیازاتە حیزبیەکانی ناو حکومەت و چالاکیە ئابوریەکان دابخرێت و دەرگا بکرێتەوە بۆ سەرجەم خاوەن سەرمایەکان بۆ دانانی پرۆژەو بە دەستهێنانی قازانج.

7/ زیادکردنی خزمەتگوزاریەکان و دانانی ئەولەویەت بۆ پرۆژەکان و سیاسەتێکی هاوسەنگی هەرێمی و ناوچەیی لە گەیاندنی خزمەتگوزاریەکان.

8/ بە سیستەمکردنی ئابوری و گرینگیدان بە بیری سیستەمی لە دامەزراوە کارگێریەکانی حکومەتدا.

9/ فەراهەمکردنی شەفافیەت ودەزگایەکی ئامارو مەعلوماتی بەهێز و نەشاردنەوەی هیچ جۆرە ئامار و مەعلوملتێك لە ناوەندەکانی زانکۆو رێکخراوو میدیاکان. ***لە بواری ئابوریشدا بونی سیستەمێکی زانیاری تەواوکار لەسەر داهات و خەرجی و بەرهەمهێنان و باجەکان گرینگترین پێداویستیەکانی ئەم قۆناغەیە لە پێناو زیادکردنی وەبەرهێنان و دانانی پلانێکی ستراتیجی سەرکەوتوو لە هەرێمی کوردستاندا.***

10/ پێویستە چەمکەکانی ئابوری هەموەکی دروستبکرێن، بەومانایەی پرۆسەی چاکسازی ئابووری لە کوردستاندا ژینگەیەکی گونجاو بۆ ئابووری هەموەکی دروستبکات و رزگاری بکات لە گرفتە پەیکەریەکانی کە کۆسپن لەبەردەم پرۆسەی پەرەپێدانی ئابوری لە کوردستاندا. ئەم گۆرانەش لە رێگای گەشەدان بە ئەدەواتەکانی ئابوری هەموەکییەوە دەبێت هەر لەسیاسەتی داهات و خەرجی گشتیەوە تا سیاسەتی بازرگانی وکشتوکاڵی لە هەرێمدا.

11/ رەواجدان بەکاری رێکخراوە ناحکومیەکان کە لەبواری پارێزگاری لە مافە ئابوریەکانی کۆمەڵە جیاوازە کۆمەڵایەتیەکاندا کاردەکەن. وەچاودێریکردنی

پلانەکانی حکومەت( ئەگەر هەیبوو!) لەچوارچێوەی شەفافیەت و لێپرسینەوەی حکومەت لەلایەن کۆمەڵگاوە.

12/ زیادکرنی وەبەرهێنان لە بواری پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان و بەرزکردنەوەی توانا و وزە نیشتیمانیەکان لە پێناو گەیشتن بە گەشەپێدانی ئابووری و زیادکردنی بەرهەم وبەرهەمداری. ئەمەش پێویست دەکات کە پەیوەندیەکی پتەو هەبێت لە نێوان سیاسەتی فێرکردن لەلایەك وواقیع وداهاتوی پیداویستی ومەهارەتە نوێیەکان لە بازاری کاردا لە لایەکی ترەوە.

13/دانانی سیاسەتێکی نیشتیمانی بۆ راهێنانی هێزی کاری نیشتیمانی و گرینگیدان بەکردنەوەی خولی راهێنان بۆ گەنجان لەوەدا چۆن بتوانن پرۆژەی بچوك دابمەزرێنن. بە تێبینییەوە ئەوە دەڵێم کە خەرجی پرۆژەکانی وەزارەتی وەرزش و لاوان بۆ ساڵی 2008 نزیکەی 55 ملیار دینار بوو بەڵام یەك دینار بۆ ئەم بوارە تەرخاننەکراوە.

14/ کارکردن لەسەر چاکسازیکردن لەسەر سەرجەم لایەنەکانی پرۆسەی فێرکردن ( خوێندکار، مامۆستا، پرۆگرام، تاقیکردنەوەکان، رێگاکانی وانەوتنەوە، تەکنەلۆجیای یاریدەدەر، ئیدارەی فێرکردن، پەیکەری بینایەی قوتابخانەو خوێندنگاکان).

کە ئەم چاکسازیەی فێرکردن هەم پێداویستیە نوێیە ئابوریەکان وە هەم بابەتی پەرەپێدانی رەفتاری لەبەرچاوبگرێت.

15/ پەیرەوکردنی سیاسەتێکی دارایی دادگەر کە هەم یارمەتیدەری دوبارە دابەشکردنەوەی داهات و سامان بدات بۆ بەرژەوەندی داهات نزمەکان وە هەم هانی گەشەو تێکرای پاشەکەوت بدات. کە دەرئەنجام هۆکارێکی تر بێت بۆ زیادکردنی دەرامەتەکانی حکومەت.

16/ گرینگیدان بە دانانی سیستەمێکی مەصرەفی فراوان لەکوردستاندا، وەهەروەها دروستکردن و گێرانەوەی متمانەی خەڵك بە بانکەکان و

وەپەیوەستبونی بانکە ناوخۆییەکان بە بانکە جیهانیەکان و چاوخشاندنەوە بە یاسای بانکی بە لەبەرچاوگرتنی باری کۆمەلاّیەتی وئابوری کوردستان.

وەکارکردن لەسەر دامەزراندنی بانکەکانی کشتوکالّ و پیشەسازی و وەبەرهێنان و (بیوت الادخار) لە پێناو ئاراستەکردنی داهات و سەرمایەی خەڵك بۆ ناو پرۆسەی وەبەرهێنان.

17/ گرینگیدان بە وەزارەتی پلاندانان کەدڵی پرۆسەی پلاندانانەو وەهەروەها دامەزراندنی دامەزراوەکانی توێژینەوەی زانستی کە بزوێنەری گۆران وگەشەپێدانن لە دنیای ئابوری مەعریفیدا.